# لە کابینەی نۆیەمدا لە کۆی (53) مانگ تەنها (33) موچەی بەتەواوی خەرجکردووە

| ساڵ | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٩ | | | | | | | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| ٢٠٢٠ | بەتەواوی خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | خەرج نەکرا | خەرج نەکرا | خەرج نەکرا | خەرج نەکرا | خەرج نەکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | خەرج نەکرا | خەرج نەکرا |
| ٢٠٢١ | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| ٢٠٢٢ | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| ٢٠٢٣ | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | دوا کەوتووە | دوا کەوتووە | دوا کەوتووە | |

لە کابینەی نۆیەمدا لە کۆی (53) مانگ تەنها (33) موچەی بەتەواوی خەرجکردووە

قەبارەی لێبڕین و خەرج نەکردنی موچە لە کابینەی نۆیەمدا نزیکەی (11 ترلیۆن) دینارە

(7) موچە خەرج نەکراوە، (10) موچە بە لێبڕینەوە خەرجکراوە، (3) موچە دواکەوتووە

Drawmedia.net

11:18:09 2023-12-03

## دۆسیەی نەوت




## ڕاپرسی درەو




## گۆشە

**راپۆرتی: درەو**

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (53) مانگی رابردوودا، تەنها (33) مانگیان موچەی تەواوەتی موچە خۆرانی هەرێمی خەرجکردووە، (10) مانگیشی بە کەم و کوڕی و لێبڕین خەرج کردووە، (10) مانگیشی خەرج نەکردووە یان دوای خستووە، کۆی ئەو پارانەی خەرج نەکراوە، دەخەملێندرێت بە؛

- (6 ترلیۆن 300 ملیار) دینار "خەرجنەکردنی 7 موچەی تەواو"
- (1 ترلیۆن 701 ملیار) دینار "9 موچە بە لێبرینی 21%"
- (162 ملیار) دینار "1 موچە بە لێبڕینی 18%"
- (2 ترلیۆن 823 ملیار) دینار "موچەی (3) مانگی 2023" دواکەوتووە.
- کەواتە سەرجەم ئەو موچە شایستانەی لە کابینەی نۆیەمدا خەرج نەکراوە (10 ترلیۆن 986 ملیار) دینارە.


پاشەکەوت و لێبڕین و خەرج نەکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێم

لە بانگەشەی هەڵبژانی (30/9/2018) لایەنە سیاسییەکان بانگەشەی گێڕانەوەی موچە پاشەکەوت کراوەکان و کردنەوەی ژمارەی حیسابی بۆ موچە خۆران دەکرا، لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە (10/7/2019)ەوە، موچەخۆران لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی موچە پاشەکەوتکراوەکانیان بوون، بەڵام ئەم کابینەیە بیدعەیەکی نوێی داهێناو ناوی نا، لێبڕین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی (2020)دا ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرا لە خەرج نەکردنی موچەی موچە خۆران.

سەبارەت بەو شایستە داراییانەی موچەخۆران کە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمەوە، تەنها لە کابینەی نۆیەمدا نزیک لە (11 ترلیۆن) دینارە، جگە لە ڕاگرتنی بەرزە موچەی فەرمانبەران.




گفتوگۆ




خەرمانی درەو




بیروڕا



کوڕەکانی تاڵەبانی دەرچوون بەڵام چۆن؟

قۆناغی پاشەکەوتی مووچە لە سەردەمی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەچوو، لەماوەی نێوان ساڵانی (2015 - 2018) مووچەخۆران (5) موچەی تەواویان پێنەدراوە (23) مانگیش چارەکە مووچەو (11) مانگیش بەشێک لە موچەکانیان پاشەکەوت کرا.

بەڵام لە کابینەی نۆیەم دا پرسی موچە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە کە ئەویش لە بری پاشەکەوت داهێنانی لێبڕین بوو، لەم کابینەیەدا موچەی مانگەکانی (4، 5، 6، 7، 8، 11،12ی ساڵی 2020) خەرج نەکرا (9) موچەش بە لێبڕینی (21%) و موچەیەکیش بە لێبڕینی (18%)ەوە لە ساڵانی (2021 - 2022)ی بۆ فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان خەرجکراوە.

کەواتە ئەگەر کۆی خەرجی موچە بە (900 ملیار) دیناری مانگانە بخەمڵێنین _لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە قەبارەی خەرجی موچە (895 ملیار)بووە، بەڵام بەردەوام خەرجی موچە رووی لە زیادبوون کردووەو بەپێی دواین ئاماری فەرمی وەزارەتی دارایی کە خەرجییەکانی خۆی بۆ شەش مانگی یەکەمی (2023) بڵاوکردووە بە تێکرا کۆی خەرجی مانگێکی موچەی موچەخۆران سەرو (941 ملیار) دینابووە_، ئەوا کۆی ئەو شایستە داراییەی موچە خۆران لە کابینەی نۆیەمدا لێیان بڕاوەو بۆیان خەرج نەکراوە بریتیە لە؛

- (7) مانگ موچەی بڕاو X (900 ملیار) دینار = (6 ترلیۆن 300 ملیار) دینار
- (9) مانگ بە لێبڕینی (21%) X (189 ملیار) دینار = (1 ترلیۆن 701 ملیار) دینار
- (1) مانگ بە لێبڕینی (18%) X (162 ملیار) دینار = (162 ملیار) دینار
- لە ئێستاشدا کە پێدەنێینە مانگی (12)ی (2023)ەوە بەڵام موچەی مانگەکانی (9و 10و 11) موچەخۆران دابەشنەکراوە کە بەرامبەرە بە؛

(3) مانگ موچەی دواکەتوو X (941 ملیار) دینار = (2 ترلیۆن 823 ملیار) دینار.

کەواتە کۆی ئەو موچانەی لەکابینەی نۆیەمدا خەرج نەکراوە دەکاتە؛ (6 ترلیۆن 300 ملیار) دینار "7 موچەی تەواو"+ (1 ترلیۆن 701 ملیار) دینار "9 موچە بە لێبڕینی 21%" + (162 ملیار) دینار "1 موچە بە لێبڕینی 18%" + (2 ترلیۆن 823 ملیار) دینار "موچەی (3) مانگی 2023" = (10 ترلیۆن 986 ملیار) دینار.

## زۆرترین خوێنراو



پارێزگاری کەرکوك چۆن بەکلادەکرێتەوە ؟



هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ مانگی پێنجی 2024 دوادەخرێت



عومەر سەید عەلی دەیەوێت بەبێ هەڵبژاردن بمێنێتەوە



تیمی سەرۆکی حکومەت: نەوت لە جانتای کەسێکدا بوو



ئیدیۆم



یاسای دادگای فیدراڵی هەمواردەکرێتەوە


بە مانایەکی دیکە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (53) مانگی رابردوودا، تەنها (33) مانگیان موچەی تەواوەتی موچە خۆرانی هەرێمی خەرجکردووە، (10) مانگیشی بە کەم و کوڕی و لێبڕین خەرج کردووە، (10) مانگیشی خەرج نەکردووە یان دواى خستووە. (وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا رونکراوەتەوە).

Share | Tweet | Share


## بابەتی پەیوەندیدار





هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ مانگی پێنجی 2024 دوادەخرێت




ساڵی رابردوو لە هەرێم (120 هەزار) ئۆتۆمبێلی نوێ تۆمارکراون




ئاماری کۆچ و قوربانیانی هاوڵاتییە عێراقییەکان (2015 - 2023)









مافی بەرهەمەکان پارێزراوە بۆ درەو

Developed by Smarthand